## ماوسێکی ئەنگوستیلەیی سێ ڕەهەندی

کۆمپانیایەکی تەکنەلۆژی ئەمەریکی ماوسێکی ئەنگوستیلەیی بەرهەمهێناوە کە سێ ڕەهەندییە و وایەرلەیسە و بە پەنجەی گەورە ئەکتیڤ دەبێت و بەڵام لە پەنجەی شەهادە دەخرێت.

ماوسی جۆری Mycesro ماوسێکە کە بەقەد ئەنگوستیلەیەکی گەورە دەبێت و کۆمەڵێك هەستەوەریی تێدایە، جووڵەی پەنجەکان دەزانێت و شاشەیەکی هەستیار بە لەمسی لەلای قامکی گەورەیە. گەر پەنجەکە لەسەر شاشەکە لاببردرێت ئەکتیڤ نابێت. هەروەها ماوسی ناوبراو ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەران دەڕخسێنێت کە فەرمانەکانی کلیك کردن وەك ماوسێکی ئاسایی ئەنجام بدەن. بەهۆی کارەباوە شەحن دەبێتەوە بە هەر شەحنکردنەوەیەك دەکرێت هەتا 8 کاتژمێر سوودی لێوەربگیردرێت.





## جانتاکەم تکایە بەدوامدا وەرە!

ئەوانەی کە دەچن بۆ گەشتکردن بەتایبەت بۆ شوێنی دوور، جانتای گەشت بۆ هەڵگرتنی کەلوپەلەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبەن، هەڵگرتنی جانتای سەفەر گەر گەورە بێت و کەلوپەلی زۆری تێدابێت تا ڕادەیەك دژوارە، هەرچەندە زۆربەی جانتاکان واتە باولییەکان خۆیان تایەیان هەیە و دەکرێت لێ بخوڕدرێن، بەڵام چەندە باش دەبوو کە باولییەکە بە دوای خاوەنەکەی دا هاتبا و بێ ئەوەی کە کەسێك پاڵی دابا.

لەم دواییەدا ئەم خەیاڵەش تەکنەلۆژیا کردوویەتیە ڕاستی و جانتایەکی هۆشمەند بەدوای خاوەنەکەیدا دەڕوات.

باولی جۆری hop لەگەڵ مۆبایلی خاوەنەکەی بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە پەیوەند دەدرێت و بەئەسپایی بە دوای خاوەنەکەیدا دێت، تەنانەت ئەگەر بەهۆی لەمپەرێکەوە پەیوەندیی لەنێوان مۆبایلی بەکارهێنەر و باولییەکەدا نەما، ئەوە مۆبایلەکە بەهۆی لەرزینەوە خاوەنەکەی ئاگادار دەکاتەوە و لەولاش باولییەکە دەچەقێت و لە شوێنی خۆی نابزوێت. هەروەها لەسەر ویستی بەکارهێنەرەکەی دەکرێت لەگەڵ چەندین مۆبایلەوە پەیوەند بدرێت بۆ ئەوەی لە فرۆکەخانەکان یان شوێنی دیکە بەدوای ئەو کەسانە بکەوێت کە ئەرکیان گواستنەوەی جانتا و کەلوپەلی گەشتکردنە.





# پێنووسیش بوو بە سێ ڕەهەندی

ڕەنگە لە خەیاڵیشدا بیرتان لەوە نەکردبێتەوە کە پێنووسێك هەبێت بەهۆیەوە بکرێت لە هەوادا بنووسی یان نووسینی 3D بنووسرێ، واتە ئەو دەقانەی کە دەنووسرێن بکرێت دەستیان لێبدرێت یان وێنەیەك کە بەهۆی ئەوەوە دەکێشرێتەوە بکرێت لە شوێنی خۆی بگوازرێتەوە.
قەڵەمی سێ ڕەهەندی 3D جۆری 3D oodler لەم دواییەدا کە لەلایەن کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی لەیستووکی منداڵان بەرهەم هاتووە دەکرێت بەهۆیەوە ئەوەی دەنووسرێت دەستی لێبدرێت.
کاتێك دوگمەی ئەو پێنووسە لێبدەیت، پلاستیکێکی ئاوەکی لە قەڵەمەکە دێتە دەر کە زۆر بە خێرایی ڕەق دەبێت. هەر بەهۆیەوە دەکرێت وێنەی سێ ڕەهەندی زۆر جوان دروست بکرێت. بەهۆی قەڵەمەکەوە دەکرێت ئیکسسواراتی ماڵەوە و گوڵ و گیای دەستکرد دروست بکرێت و تەنانەت دەکرێت چوارچێوەیەکی پلاستیکی بۆ مۆبایلەکەتان دروست بکەن.





# فۆتۆشۆپی لەمسی تایبەت به مۆبایلە هۆشمەندەکان

ئەوانەی شارەزای بواری گرافیکین، دەزانن کە هیچ پرۆگرامێکی گرافیکی هەتا ئێستا شوێنی فۆتۆشۆپی نەگرتۆتەوە، فۆتۆشۆپ کە مێژوویەکی دێرینی هەیە لە بواری گرافیکیدا هەر ڤێرژنە و لە ڤێرژنەکەی پێش خۆی توانای زیاتری هەیە و خزمەتگوزاریی زۆرتری تێدایە، بەڵام فۆتۆشۆپ زیاتر لە گەڵ سیستەمەکانی کۆمپیوتەر دەگونجێت، چونکە کاری گرافیکی پێویستی بە شاشەی گەورە هەیە، کەچی ئەمساڵ لە پێشانگای ساڵانەی MWC 2013 دا فۆتۆشۆپی تایبەت بە مۆبایلە هۆشمەندەکانی سیستەمی ئەندرۆید هاتە بەرهەم. فۆتۆشۆپی تایبەت بە مۆبایلی ئەندرۆید زۆربەی تواناکانی فۆتۆشۆپی دیکەی تێدایە. ئەگەر وێنەیەك 12 میگاپیکسیلیش بێت دەکرێت بیکاتەوە و گۆڕانکاری تێدا پێکبێنی. جگە لەوەش بە کڕینی ئەم فۆتۆشۆپە ئێوە دەتوانین لە هاردی Cloud ئەدۆب 2 گیگابایت وەربگرن.

# قومقومەیەک ئاو دەپاڵێوێت



پێشینانمان راست دەڵێن ئاو و ئاوەدانی، ئاو و ژیان، بەبێ ئاو ژیان دەوەستێت، هەرچەندە کوردستانی ئێمە بە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە ئاو و کانیاو ناسراوە، بەڵام هەموو شوێنێکی نیشتمانمان وەك یەك نییە.


ئەگەر گەشتێك بکەیت و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە رێگادا برۆیت، تووشی ئاو بیت، بەڵام دڵنیا نەبیت کە ئاوەکە بۆ خواردنەوە دەشێت، یان تووشی ئاوێکی لیّڵ و قوڕاو بی و بۆ خواردنەوە نەشێت چ دەکەی؟ قومقومەی پاڵاوتنی ئاو NDur کە ئامێرێکی گەڕۆکی پاڵاوتنە گرفتەکان چارەسەر دەکات، تووشی هەر ئاوێك بی، قوڕاو لیّڵ بێت، یان لە بواری تەندروستییەوە نادروست بێت، دەتوانێت ئاوەکەتان بۆ بپاڵێوێت و خاوێنی بکاتەوە، ئەو بتڵە هەتا 99% ئاوەکە لە مایکرۆ ئورگانیسمەکان، 99% مادەی کیمیایی و کانزایی و سەد لەسەدی ڤایرۆس و باکترییەکان لە ئاو جودا دەکاتەوەو ئاوێکی زوڵاڵ و خۆشتان بۆ دابین دەکات.



## سایتێک بۆ نەخشەسازان

دیزاینەر و نەخشەسازان هەوڵ دەدەن داهێنانی نوێ بکەن، داهێنانی نوێش بە بیرۆکەی نوێ و وێنە و بابەتە پێویستییەکانی تایبەت بە نەخشەسازی ئەنجام دەدرێن.

ئەو دیزاینەرانەی کە لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا کار دەکەن دەزانن کە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ یەکێکە لەو پرۆگرامە بەهێزانەی کە کاری نەخشەسازی ئاسان دەکاتەوە و دەکرێت



بڵێین جار هەیە بەبێ ئەو پرۆگرامە ناتوانن هیچ نوێگەرییەك لە نەخشەسازیدا ئەنجام بدەن. ئەو فایلە وێنەیانەی کە بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ خەزن دەبەن بە فایلی PSD ناسراون کە دەبن بەلایەر لایەر، نەخشەسازان دەزانن لایەر چییە. بۆ ئەوەی کە سەدان فایلی وێنەیی جوان و سەرنجڕاکێش سەبارەت بە هەر مەبەستێك بێت بدۆزنەوە کە هەموویان بە فۆرماتی PSD خەزن کرابن سەر لەسایتی www.frepsd.com بدەن.

# بە پەنجەوانەی سیحری لە هەوادا تایب بکە!

پێشینیان راستیان گوتووە، هەتا مرۆڤ بژی و تەمەن هەبێت، شتی سەیرو سەمەرەتر دەبینێت، هەر رۆژە داهێنانێك لە تەکنەلۆژیای نوێ دەکەوێتە بازاڕەوە، بۆ نموونە ئەو پەنجەوانەیەی کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن هی توێژەرەوانی بواری تەکنەلۆژیای نوێی ئەڵمانییە، کە بەهۆی چەندین هەستەوەری بچووك دەتوانێت جووڵەی دەست بناسێت و ئەو پیتانەی کە لە هەوادا دەینووسیت لەسەر کۆمپیوتەر نیشانی بدات.

پەنجەوانەی Airwriter بە زانینی جووڵەی دەستی بەکارهێنەرکەی، وشە نووسراوەکان لە هەوادا دەناسێت و لەم دەستەوانە دەکرێت بۆ نووسینی کورتە نامە یا ئیمێل لە مۆبایل و کۆمپیوتەردا بەبێ کیبۆرد سوودی لێبوەربگیردرێت.

ئەو هەستەوەرانەی کە لەو پەنجەوانەیەدا بەکار هاتوون جووڵەی دەست دەناسێت و سیستەمی کۆمپیوتەر شەپۆلە وەرگیراوەکان دەکاتە دەق.

پەنجەوانەکە دەتوانێت پیتی گەورەی هەر رستەیەك بزانێت و ئەو فەرهەنگەی لەو پەنجەوانەیەدا خەزنکراوە لە هەشت هەزار وشە پێکهاتووە.



# ماوسێکی جۆکەر و هەمەئەرک



ماوسی کۆمپیوتەر کە وەك شا کلیلی فەرمانەکانی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت و لە راستیدا وەك سوکان بۆ ئۆتۆمبێل وایە، دروستە سوکان مەکینە یان گێڕ نییە، بەڵام بەبێ سوکان ئۆتۆمبێل هیچ سوودێکی نییە. ماوس هەمیشە ئامێرێك بووە هیچی دیکە، بەڵام کە ماوسی جۆری Ego دەبینین بۆچوونەکانمان لەبارەی ماوسەوە دەگۆڕدرێت، ماوسی جۆری Ego تەنیا ماوسێکی ئاسایی نییە، ماوسێکە سەرەڕای ئەنجامدانی ئەرکی ماوس، هاردێکی 8 گیگابایتی هەیە، کامێرای جۆری VGA لەسەرە کە دەکرێت جوڵەی دەست بزانێت و دەتوانێت وەك ماوسێکی 3D سوودی لێوەربگیردرێت. بە جۆرێك کە بەکارهێنەر تەنیا لە دەستگرتن و جوڵەی خۆی دەتوانێت ئەزموونی ماوسێکی سێ رەهەندی تاقی کاتەوە. ئەرکی ماوسەکە هەر بەوە کۆتایی نایەت، جگە لە خەزنکردنی پاسۆردەکان، دەتوانێت لاپەڕەکانی ئەنتەرنێتیش لەخۆیدا خەزن بکات. لە هەمووی گرنگتر دەتوانێت وەك ریمۆت کۆنترۆڵێکی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی دیکە سوودی لێوەربگیردرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، حەز دەکەم بزانم ئەو کەسانەی کە لە فەیسبووکدا داوای هاوڕێیەتییان لێدەکەم و کەچی ئەوان وەرم ناگرن، ئایا بە چ پرۆگرامێك یان چۆن دەکرێت بزانم کە ئەو کەسانەی لە فەیسبووکدا بە هاوڕێم وەرناگرن؟ یان بزانم کام لە هاوڕێیانم لە فەیسبووك منیان لە لیستی هاوڕێیانیان دەرخستووە؟

خوێنەری بەڕێز دیارە فەیسبووك ماڵی مەجازی هەر کەسێکە، هاوڕێیانت یان دۆستانی فەیسبووکیت مافی خۆیانە کە کێ بە هاوڕێ قبوڵ بکەن یان نا، بەڵام ئەگەر بتەوێت بزانیت ئەو داوای هاوڕێیەتیانەی کە دەینێریت و لەلایەن کەسەکەوە وەرناگیرێت، یان کام لەهاوڕێیانت تۆیان لە لیستی هاوڕێیەتی دوورخستۆتەوە ئەوە پرۆگرامێکی زۆر بچووك بەناوی Unfriend finder دابەزێنە، پرۆگرامەکە راستەوخۆ دەچێتە بەشی تولباری سەرەوەی فەیسبووکەکەت، ئیدی لەمەولا هەر رووداوێك کە پەیوندی بەوەوە هەبێت لەو لیستەدا نیشان دەدرێت.

## پرۆگرامێک بۆ گۆڕانکاری لە فایلی دەنگیدا

گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکیان دەستکاری یان گۆڕانکارییە لە فایلی دەنگدا، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە لە ستۆدیۆ یان لە رادیۆ کار دەکەن، هەروەها ئەو هونەرمەندانەی کە نیازیان هەیە گۆڕانکاری لە فایلە مۆسیقییەکانیاندا بکەن. پرۆگرامی Magic Music Editor یەکێکە لەو پرۆگرامانە.

پرۆگرامی ناوبراو تواناکانی گەلێکن و پشتیوانی لە گشت جۆرە فۆرماتێك دەکات و بە کوالیتیەکی باشەوە فایلەکان خەزن دەکات. خاڵی جێگای سەرنج لەو پرۆگرامەدا ئەوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆشیان نییە لەم جۆرە پرۆگرامانە ستایلێکی گرافیکی زۆر سادەی هەیە و هەربۆیە سەرەتاییترین بەکارهێنەر دەتوانێت سوودی لێوەربگیرێت. هەروەها چەندین پلاگینی تێدایە لەگەڵ کۆمەڵێك ئیفێکتی جۆراوجۆر. هەروەها دەتوانێت فایلە دەنگییەکان لە DVDیەکان دەربهێنێت و جگە لەوەش دەکرێت بەهۆی مایکەوە دەنگ تۆمار بکرێت.

